# ئەحزابی عەشیرەیی بە بێ میلیشیا
# لە کوردستان بێمانایە!

***(سەبارەت بە ڕاگەیاندنی وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێم)***

**حەمە غفور**

وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جەعفەر شێخ مستەفا، لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی ئاسمانی (کەیئێنئێن) ڕۆژی هەینی 2009/11/13، ڕایگەیاندووە کە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری کۆتایی داوە لەسەر یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانیو پاتی دیموکراتی کوردستان لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا. بە گوێرەی ڕاگەیاندنی وەزیری پێشمەرگە بێت، ئیتر لەمە بە دواوە یەکێتیو پارتی هێزی چەکداری تایبەت بە خۆیان نابێتو بەم نزیکانە ڕێوشوێنی کۆتایی هاتنی ئەو ڕەوشەی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکان پێکیان هێنابوو ئەگیرێتە بەرو هێزی چەکدارو میلیشیای حیزبەکان لە نێو هێزەکانی وەزارەتی پێشمەرگەدا ڕێکئەخرێنەوە.

وەزیری پێشمەرگە بەم لێدوانەی پەیامێک ئەدا بە گوێی کۆمەڵگای کوردستاندا، گوایا سەرۆکایەتی هەرێمو حکومەتی هەرێم بەم بڕیارەیان سەبارەت بە چالاک کردنو ئەکتیڤ کردنی وەزارەتی پێشمەرگە، خەریکە وەڵام بە دیاردەی چەکداریو میلیشیای ووردو درشتی حیزبەکانی کوردستان ئەدەنەوە، کە یەکێک بووە لە دیاردە دزێوەکانی ئەزموونی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کوردیو یەکێک لەو گرفتە سەرسەختو گیان سەختانەی کە دەسەڵاتداریتی ئەحزابی کوردی لەگەڵ خۆیدا کردوویەتیە بەشێک لە کەلتوورو فەرهەنگی سیاسی ئەم ووڵاتە. دیاردەیەک کە سەرلەبەری پانتایی شارستانیو ڕوخساری مۆدێرنو هاوچەرخی کۆمەڵگای کوردیی لەکەدارو ناشیرین کردووە.

دواتر ئەگەڕێمەوە سەر ناوەڕۆکی ئەم ڕاگەیاندنەو تیشکێک تاباں ئەکەینە سەر پرسی هێزی چەکدارو میلیشیای حیزبەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان لە دوو توێی کێشمەکێشەکانی نێو باڵەکانی جووڵانەوەی کوردایەتی خۆیان، وە لە نێو کێبەرکێکانی سەر گۆڕەپانی سیاسی عێراقیش. بەڵام بەر لەوە لێرەدا پرسیارێک دێتە بەرچاوی هەر کەسێک کە بە جۆرێک ئەم باسو مەسەلەیە کاریگەری بەسەریەوە بووبێ یان سەرقاڵیەکی بۆ پێشهێنابێ. ئەو پرسیارەش ئەوەیە کە هەرچەندە زیاد لە دوو ساڵ پێش ئێستا لە ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوان یەکێتیو پارتیدا، یەکێک لە بڕگە سەرەکیەکانی یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی هەردوو لایان بوو لە نێو وەزارەتی پێشمەرگەدا، بەڵام بۆچی بەکردەوە هیچ هەنگاوێکی عەمەلی نەنرا بۆ گواستنەوەی بۆ بواری کردەوە؟ ئایا خودی ئەو بەندەی ڕێکەوتنی ستراتیژی نێوانیان تەبلیغێک نەبوو بۆ ئیستیهلاکی ناوخۆییو خۆڵکردنە چاوی هاوڵاتیانەوە؟ یاخود دەسەڵاتی جووتحیزبیی لە کوردستاندا پڕاوپڕ لەگەڵ میلیشیای ئەحزابی عەشیرەیی کوردیدا ڕێکو گونجاو دێتەوەو هەر جۆرە بانگەشەیەک بۆ هەڵگرتنی دیردەی چەکداریو میلیشیای حیزبەکانو هێزی چەکداری تیرەو تایەفەکان، ئیدیعاو بانگەوازێکی موزەیەفە؟

من پێموایە ئەزموونی ئەم حیزبە کوردیانە ئەوەیان نیشان داوە کە فەلسەفەی بوونیان، سیاسەتو ئامانجو بەرژەوەندیەکانیان، مامەڵەو هەڵسوکەوتی سیاسیان، لەگەڵ خەڵکو کۆمەڵگا، لەگەڵ

موخالیفانی سیاسیان، کاراکتەری ئەحزابی مۆدێرنو ئەمڕۆژیان لە بونیادی یەکێتیو پارتیدا لە بنەڕەتەوە نەخولقاندووەو ئیدیعای وەزیری پێشمەرگە ناکرێت خۆشخەیاڵی لای کەسێک بێنێتە ئاراوە کە ئیمکانی گۆڕانیان بۆ ئەحزابی هاوچەرخو مۆدێرن بەم شێوەیە مەیسەر ئەبێت!

وەڵامدانەوە بە بەرژەوەندی جیاوازو بەلاداخستنی ناکۆکی قووڵی نێوان هەردوو جیناحی بزووتنەوەی کوردایەتی، پێویستیو زەمینەی هێزی میلیشیایی فەراهەم هێناوە. سەردەمانێک هەر لە شاخەوە تا ئەم ڕۆژانەش پارتیو یەکێتی لە قۆناغی خۆسەپاندنو یەکتر قبوولکردن وەکو حەریفی بێ ئەملاولای یەکتریدا بوون. ئەو قۆناغە هێشتا لە نیوەی ڕێدایەو تاقیکردنەوەکانی لە شێوەی مامەڵەو دووفاقیو ئیزدیواجیەتی سیاسیاندا لە شاری کەرکوکو لە هەموو ناوچە ناسراوەکان بە ناوچەی جێناکۆکی، وەکو موسڵ، خانەقینو ناوچەکانی باقوبەو گەرمیان بە جوانی دیارو بینراوە! لەو شوێنانە، بە کەرکوک، دڵو قودسی کوردستانیشەوە، ئەم دوو حیزبە دوو ئیدارەییو دوو حیزبیو یەکترنەخوێندنەوە پیادە ئەکەن. کێوی زبڵو پیسی ناو شاری کەرکوک، ڕووتو ڕەجاڵی لە خزمەتگوزاریەکانو سیاسەتی شارەوانیو بەڕێوەبردندا، داتای دوو حیزبیو دوو ئیدارەییو دوو دەسەلاتی پارتیو یەکێتی ئەدەن بە دەستەوە. زۆر جاریش گوێبیستی ڕاگەیاندنی لێپرسراوانی پارتیو یەکێتی ئەبین لە کەرکوکو موسڵو شوێنەکانی تریشدا، کە دادو بێدادیانە بەدەستی دیاردەی دوو ئیدارەییو دوو حیزبیو سیاسەتی جیاوازیانەوە.

ئەگەر چی یەکێتیو پارتی بە بەهای هەژدەساڵ سەرگەردانیی کوردستانو هەڵواسراویی چارەنووسی سیاسیەکەی، بە نرخی هەژدە ساڵ دەسەڵاتی سەروو خەڵکیو گەندەڵی دوای دەورەیەکی خوێناوی لە شەڕی ناوخۆیان، توانیان لەژێر گوشاری بەرژەوەندی هاوبەشیان لە ناوەند وە هەوڵی ئاراستەکردنی خەڵکی کوردستان بۆ پشتی بەرژەوەندیە سیاسیەکانیان لە ململانێ لەگەڵ ناوەند، شەڕو دەعواو خیلافیان بخەنە لاوەو ڕێکەوتنی ستراتیژی مۆربکەن، وە بە شکڵی فۆرماڵیو سەرزارەکیش بووبێت دان بنێن بە دیاردەی نەشیاوی هێزی میلیشیاکانیانداو باس لە سەروەریی یاساو دەسەلاتی حکومەتی بکەن، بەڵام هەرگیز لە واقعداو لە ڕیشەوە ئەم دوو حیزبە وەکو دوو حیزبی عەشیرەیی، ناتوانن بەسەر هەیمەنەو دەستڕۆیشتوویی میلیشیاییدا لە مۆراڵو نەریتی سیاسیو ئایدیۆلۆژیاندا زاڵ بن. چونکە ستراکتوری بونیادی خۆیان پێکهاتەیەکی عەشیرەییو میلیشیاییەو هەمیشەو بەردەوام وەکو نەریتێکی جیهانیی بۆرژوایی، لە پێناو سەروەریی دەسەلاتی سیاسیاندا لە بەرامبەر کۆمەڵگاو جەماوەری کوردستانو زۆرتریش لە بەرامبەر یەکتریدا، وەکو هێزی پارتیزانیی شانازیان بە میلیشیاکانیانەوە کردووەو هێزی پێشمەرگەیان وەکو فریشتەی نەجات بە خەڵکو کۆمەڵگا ناساندووە.

ناونانی ئەو ئۆرگانەی یان ئەو وەزارەتەی کە وا بڕیارە شوێنی کۆتایی هاتنی دیاردەی چەکداریو میلیشیایی ئەحزابی عەشیرەیی کوردی بێت، بە وەزارەتی پێشمەرگە، خۆی لە خۆیدا زیندوو هێشتنەوەو پیرۆز ڕاگرتنی هێزی چەکداری حیزبەکانی جوولانەوەی ناسیونالیستی کوردیە. وەزارەتی پێشمەرگە سەرەنجام ئەگۆڕێت بۆ میلیشیایەکی گەورەترو پڕچەک تر لە دەستی دوو حیزبی عەشیرەیی کوردیدا بۆ پارێزگاری لە مانەوەی دەسەلاتو ڕاگرتنی باڵادەستیان بەسەر سەری کۆمەڵگاو خەڵکی کوردستانەوە. لە کوردستانی ژێر سایەی ئەحزابی عەشیرەییدا، لە کوردستانێکدا کە چارەنووسی سیاسیەکەی هەڵواسراوەو هەردوو حیزب بە خۆشی یان بە ناخۆشی بێت وەکو بەشێک لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ، کە هیچ کەسێکی تر جگە لە خۆیان دانی ڕەسمی بوونو شەرعی بوونی پێدا نانێن، لە کوردستانێکدا کە هەموو دەسەڵاتو هێزێک لە دەستی دوو حیزبی میلیشیاییدایەو هەموو تاکێکی کوردستان لێی بێزاربووە، لابردنی دیاردەی چەکداری حیزبەکان بانگەشەیەکی پووچو بێناوەرۆکە. دەسەڵاتی یەکێتیو پارتی

یەکسانە بە دوو سەد هەزار هێزی پێشمەگە. ئەم حیزبانە ئەگەر ئەم هێزە چەکدارەیان بەدەستەوە نەبێت، ئەگەری گەورە هەیە نەفرەتو تووڕەیی جەماوەری کوردستان دەورو دوکانیان هەڵپێچێت!
2009/11/13